# شۆڕشی سوریای-ئیسرائیلی

20-12-2024

**نووسەرەکان**

پ.د. عەبدوڵڵا کران

**کورتە :** راشکاوانە بڵێم، لە کاتێکدا من و زۆر کەسی دیکە چاوەڕوانی بەرخۆدانی بەرچاومان لەو ناوچانە نەدەکرد کە زۆرینەی دانیشتووانیان سوننە بوون، بەڵام پێشبینی بەرخۆدانی توندم دەکرد بەدرێژایی کەرتی کەنار دەریاکانی دیمەشق و حمس، کە زۆربەی دانیشتووانەکەی عەلەوین؛ ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە پێم وابوو پێکهاتەکانی عەلەوی و مەسیحی و دروزەکان کە دەیانزانی گروپە جیهادییە توندڕەوەکان مافی ژیانیان پێ نابەخشن و لەوانەیە مافەکانیان پێشێل بکەن، لە هەموو کەسێک توندتر بەرەنگاری چەکداران دەبنەوە. جگە لەوەش ناوچەی کەنار دەریاکان گرنگییەکی ستراتیژی بۆ رووسیا هەبوو؛ لە ساڵی ٢٠١٥ ەوە رووسیا کە رۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە شەڕی نێوخۆی سوریادا گێڕاوە، بنکەیەکی دەریایی لە تەرتوس لە کەرتی کەنار دەریاکان و بنکەیەکی ئاسمانی کەمێک دوورتر لە باکوور لە حمەیمیم هەیە؛ بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانەوە، نە رووسیا و نە هێزەکانی ئەسەد هیچ بەرخۆدانێکیان نیشان نەدا و لە ماوەی چەند رۆژێکدا هەموو وڵاتەکە کەوتە دەستی چەکدارانی هەیئەی تەحریر شام و هاوپەیمانەکانی.

له ٢٧ی ئەم مانگەدا، هێرشەکانی ڕێکخراوی هەیئەی تەحریر شام لە دژی ڕژێمی ئەسەد لە سوریا دەستیان پێکرد، کە بووە هۆی چەندین پێشهاتی گرنگ لە شەڕی نێوخۆی سوریا دا کە ١٣ ساڵ بەردەوام بوو. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا، چەکدارانی هەیئەی تەحریر شام حەلەب-یان گرت، کە دووەم گەورەترین شاری سووریایە و دواتر دەستیان بەسەر حەما دا گرت پێش ئەوەی بەرەو حمس پێشڕەوی بکەن، کە سێیەم گەورەترین شاری ئەو وڵاتەیە. دوای گرتنی حمس، کە دەکەوێتە سەر ڕێگای نێودەوڵەتی ( ئێم فایڤ)، دیمەشقی پایتەختی سووریا یان گرت، بەبێ ئەوەی رووبەڕووی هیچ بەرخۆدانێکی ئەوتۆ ببنەوە.

ڕاشکاوانە بڵێم، لە کاتێکدا من و زۆر کەسی دیکە چاوەڕوانی بەرخۆدانی بەرچاومان لەو ناوچانە نەدەکرد کە زۆرینەی دانیشتووانیان سوننە بوون، بەڵام پێشبینی بەرخۆدانی توندم دەکرد بەدرێژایی کەرتی کەنار دەریاکانی دیمەشق و حمس، کە زۆربەی دانیشتووانەکەی عەلەوین؛ ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە پێم وابوو پێکهاتەکانی عەلەوی و مەسیحی و دروزەکان کە دەیانزانی گروپە جیهادییە توندڕەوەکان مافی ژیانیان پێ نابەخشن و لەوانەیە مافەکانیان پێشێل بکەن، لە هەموو کەسێک توندتر بەرەنگاری چەکداران دەبنەوە. جگە لەوەش ناوچەی کەنار دەریاکان گرنگییەکی ستراتیژی بۆ رووسیا هەبوو؛ لە ساڵی ٢٠١٥ ەوە رووسیا کە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە شەڕی نێوخۆی سووریادا گێڕاوە، بنکەیەکی دەریایی لە تەرتوس لە کەرتی کەنار دەریاکان و بنکەیەکی ئاسمانی کەمێک دوورتر لە باکوور لە حمەیمیم هەیە؛ بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانەوە، نە رووسیا و نە هێزەکانی ئەسەد هیچ بەرخۆدانێکیان نیشان نەدا و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هەموو وڵاتەکە کەوتە دەستی چەکدارانی هەیئەی تەحریر شام و هاوپەیمانەکانی.

## دەرئەنجامە پێشبینینەکراوەکان بۆ ئەمریکا و ئەکتەرەکانی تر

چ هۆکارێک ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبوو لە دەستبەسەرداگرتنی نزیکەی هەموو سووریا جگە لە ناوچە کوردییەکان لە ماوەی کەمتر لە دوو هەفتەدا لەلایەن چەکدارانی هەیئەی تەحریرشام؟ چۆن ڕێکخراوێک کە ساڵانێک بوو لە ناوچەی ئیدلب قەتیس بوو، لەناکاو چارەنووسی سووریای کەوتەدەست؟ هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم دواییەی "شۆڕش" لە سووریا چین؟ چ دینامیکییەکی نێوخۆیی و دەرەکی ئەم سەرکەوتنەی بە هەیئەی تەحریرشام بەخشی؟

بەڕوونی دەتوانین بڵێین تەنانەت ئەمریکاش پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە ڕژێمی ئەسەد لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بکەوێت چونکە تەنها بە چەند هەفتەیەک پێشتر ئیدارەی بایدن لەڕێی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبییەوە دەستی بە دانووستانەکانی لەگەڵ ئەسەد کردبوو بە ئامانجی هەڵگرتنی سزاکانی ئەمریکا لەسەر سووریا. لە ستوونێکدا کە لە ٣ی کانوونی یەکەمدا بڵاویکردووەتەوە، دەیڤید ئیگناتیۆس، نووسەری واشنتۆن پۆست، ئاماژەی بەوەدا کە ئیدارەی بایدن و هاوپەیمانە عەرەبییەکانی بیر لە ڕێککەوتن لەگەڵ سووریا دەکەنەوە، بەو مەرجەی کە گواستنەوەی چەک و تەقەمەنی لە ئێران-ەوە بەخاکی سووریادا بۆ حیزبوڵا لەلوبنان کۆتایی پێبهێنرێت. لەڕاستیدا، تەنانەت دوای ئەوەی کە هەیئەی تەحریرشام حەلەب-ی گرت، ئەمریکا پێشبینی نەدەکرد دیمەشق بکەوێت. لە کاتێکدا کەهەیئەی تەحریرشام  لە حەلەب-ەوە بەرەو حەما پێشڕەوی دەکرد، جەیک سولیڤان، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی بە سی ئێن ئێنی ڕاگەیاند: "ئێمە فرمێسک نارێژین، چونکە حکومەتەکەی ئەسەد کە لەلایەن رووسیا و ئێران و حزبوڵڵا پشتیووانی دەکرێت، رووبەڕووی  فشار بووەتەوە."

بەڵام بۆچی ڕژێمی ئەسەد بەو شێوەیە لەناکاو لەبەریەک هەڵوەشا؟ چۆن ڕژێمی ئەسەد کە چانسی گەیشتن بە ڕێککەوتنی لەگەڵ هەردوو وڵاتی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا هەبوو، رووخا؟ لە ساڵی ٢٠١٥دا، ئەسەد لە لێواری رووخاندا بوو، بەڵام دەستێوەردانی رووسیا و بۆردومانی توند، ڕزگاری کرد و تەمەنی ڕژێمەکەی نزیکەی ١٠ ساڵی دیکە درێژکردەوە. ئایا ئەسەد نەیدەتوانی بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکا دەرفەتێکی هاوشێوە بقۆزێتەوە؟ جگە لەوەش هەنگاوێکی لەو شێوەیە دەیتوانی ڕێگە خۆشبکات بۆ ئەوەی سوریا لەگەڵ وڵاتانی دیکەی عەرەبیدا ئاشتبێتەوە و پەیوەندییە ئاساییەکانی بگەڕێنێتەوە. بێ گومان ئەگەرئەوە یەکلایی بکرایەتەوە، دەکرا سەردەمێکی تەواو نوێ بۆ ڕژێمی ئەسەد دەست پێ بکات. ئەمریکا و وڵاتانی عەرەبی لەلایەک، تەنانەت تورکیاش تەنها یەک دوو مانگ لەمەوبەر بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕا بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ سووریا.

## "دەستە شاراوەکەی پشت" شۆڕشی سوریا: ئیسرائیل

چەند هۆکارێک ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە رووخانی ڕژێمی سووریادا هەبوو؛ یەکەم و گرینگترینیان ئەو گورزە قورسە بوو کە ئیسرائیل لە حزبوڵڵای لوبنانی دا. حیزبوڵڵا لە سەردەمی شەڕی نێوخۆی سووریادا نزیکترین هاوپەیمان و پاڵپشتی ڕژێمی سووریا بووە، چ لە رووی سەربازیەوە چ  لەرووی لۆجستییەوە؛ بۆ ساڵانێک حیزبوڵڵا ئەو هێزەبوو، سوپای سووری، کە لە دۆخێکی داڕمانی ئەخلاقی و دەروونیدا بوو، بە پێوە هێشتبووەوە. بە درێژایی شەڕی نێوخۆ، حیزبوڵڵا نەک هەر پشتیووان و هێزی پاڵپشتیکاری سوپای سووریا بوو، بەڵکو بە

کردەوە بڕبڕەی پشتی سوپاکە بوو.

ئیسرائیل تەنیا دەستی حیزبوڵڵای لە ململانێی نێوخۆیی سوریادا نەبڕی؛ بەڵکو بە هاوکاری هاوپەیمانەکەی، ئەمریکا، ئێران-یشی بێتوانا کرد، کە هاوکارێکی بەردەوامی حکومەتی سووریا بوو، هەم لەڕووی سەربازی و هەم لەڕووی داراییەوە. ئیسرائیل کە ساڵانێک بوو ئۆپەراسیۆنی ئاسمانی دژی وجودی سەربازی ئێران لە سووریادا ئەنجام دەدا، لەم دواییانەدا هەموو ڕێگاکانی دابینکردنی ئاسمانی و وشکانی داخست، کە لەڕێیەوە پاڵپشتی لۆجستیکی لە ئێران-ەوە دەگوازرایەوە بۆ سووریا و حیزبوڵڵا. ئەو لێدانانەی ئیسرائیل لە ئێران و حیزبوڵڵای لوبنان، هێندە توند بوون هەردووهێزەکە، کە ساڵانێک بوو دەرئەنجامی شەڕی سووریایان لە قاڵب دابوو، لەناکاو دەستەوستان بوون.

جگە لە ڕۆڵی ئێران و حیزبوڵڵا، سێیەم ئەکتەری سەرەکی لە شەڕی نێوخۆی سووریادا لە دوای ساڵی ٢٠١٥ ەوە ڕووسیا بوو. بەڵام گرنگیدانی ئەم دواییەی ڕووسیا بە شەڕی ئۆکرانیا، کە پێویست بوو هەموو فۆکەسی خۆی بخاتەسەر، وایکرد کە نەتوانێت وەکو پێویست لە ڕێگەی ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییەکانەوە وەک ئەوەی جاران دەیکرد پشتیووانی سووریا بکات، ئەمەش بووە دووەم هۆکاری سەرەکی لە ڕووخانی ئەسەد.

## ڕۆڵی ئیسرائیل لە لەباربردنی خەونە درێژخایەنەکان

ئیسرائیل خەونی ٤٠-٤٥ ساڵەی ئێران-ی لەباربرد کە دەیویست لە ڕێگەی سووریا و لوبنان-ەوە بگاتە دەریای نێوەڕاست و هەنگاو بە هەنگاو سیاسەتەکانی فارسی نوێ جێبەجێ بکات. لە ساڵانی ڕابردوودا، ئێران لەڕێگەی عێراق و سووریا و لوبنان-ەوە توانیبووی ببێت بە ئەکتەرێکی دیار لە ناوچەی دەریای نێوەڕاستدا، بەڵام هەنگاوەکانی ئەم دواییەی ئیسرائیل توانی ئێران ناچاربکات بگەڕێتەوە بۆ سەرسنوورەکانی عێراق، واتە خاڵی سفر. ئیسرائیل تەنیا سنووری بۆ تەماح و هەڵپەکانی ئێران دانەنا؛ بەڵکو خەونی سەتان ساڵەی ڕووسیا-شی لەباربرد کە گەیشتنە بە دەریای نێوەڕاست.

سێیەم هۆکار کە بووە هۆی ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد، خودی سوپای سووریا بوو کە تەواو بێ ورە بووبوو، هەروەها ماندووبوو لە شەڕو ئیرادەیی شەڕی لەدەستدابوو. ئەم سوپایە کە بە پشتیووانی حیزبوڵڵا و ئێران و ڕووسیا بەردەوام بوو، کاتێک ئەوپشتیووانییەی لێبڕا، وەک ئێسکەپەیکەرێکی بێ گیان داڕما.

## دینامیکی دەرەکی شەڕی سوریای لە قاڵب دا

هەر لە سەرەتاوە دینامیکی دەرەکی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە شەڕی سووریادا هەبوو. گۆڕینی چەند ناڕەزایەتییەکی مەدەنی بۆ ململانێیەکی سەرتاسەری، کە زیانێکی زۆری مرۆیی لێکەوتەوە، بەهۆی هۆکاری نێوخۆییەوە نەبوو؛ بەڵکو بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکییەوە بوو. ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ لەراپۆرتێکدا بڵاویکردەوە، هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل لە ساڵی ٢٠٢٤دا بووەتە هۆی کوژرانی ٤١٦ سەربازی سووری؛ تەنانەت دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد-یش، ئیسرائیل درێژەی بە هێرشە ئاسمانییەکانی خۆی لە سووریا دا. گیدیۆن سار، وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل، ئاماژەی بەوەدا کە ئەم هێرشە ئاسمانیانەی ئەم دواییە بە ئامانجی ڕێگریکردنە لە کەوتنی چەکی کیمیاییە بۆ دەستی توندڕەوەکان ( ٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤، بی بی سی تورکی).

لەم دواییانەدا، ئیسرائیل دامەزراوە دەریاییەکانی سووریای لەناوبرد، و سەرەڕای هۆشدارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بۆردومانکردنی شوێنە ستراتیژییەکانی سووریا بەردەوامە. گەیر پیدەرسن، نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، گووتی، "ئێمە شایەتحاڵی بەردەوامی ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیل و بۆردومانەکانی بۆ سەر خاکی سووریاین، ئەمە دەبێت بوەستێت" (واشنتۆن پۆست، ١٠ای کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤). بەئامانجگرتنی چڕی پێگە سەربازی و لۆجستییەکانی سووریا لەلایەن ئیسرائیل-ەوە لەوهۆشیارییەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێکهاتە جیهادییەکان، کە ئێستا کۆنترۆڵی سووریایان کردووە، لە کۆتاییدا لەوانەیە سەرنجیان بەرەو ئیسرائیل بگۆڕن. بەبێ پشتیوانی ئێران، ڕووسیا، و حزبوڵڵا، ڕژێمی ئەسەد بەهیچ جۆرێک نەیدەتوانی مەترسی لەسەر ئیسرائیل دروست بکات؛ بەڵام هەموو ڕێکخراوە جیهادییەکان لە جیهانی ئیسلامیدا، ئیسرائیل بە دوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانن. پێدەچێت تەنانەت ئیسرائیل پێشبینی ڕووخانی ڕژێمی ئەسەدی نەکردبێت.

## هێرشەکانی حەماس بۆسەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبەر، کۆتایی بە ئەسەد هێنا

ئیسرائیل بەبێ گوێدانە نەتەوە یەکگرتووەکان یان ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکانی دیکە، بەردەوامە لە ئۆپەراسیۆنە زەمینی و ئاسمانییەکانی لە سووریا. دوای کەوتنی دیمەشق و هەڵهاتنی ئەسەد بۆ رووسیا، ئیسرائیل رایگەیاند رێککەوتنی ناوچەی جیاکەرەوە لەگەڵ سووریا کە لە ساڵی ١٩٧٤دا کرا، کۆتایی پێهاتووە و ناوچەیەکی پارێزراوی لە دەوروبەری بەرزاییەکانی جۆلان دامەزراندووە. سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، نەتانیاهۆ رایگەیاند، "رێگە نادەین هیچ هێزێکی دوژمن بەدرێژایی سنوورەکەمان نیشتەجێ بێت"، جەختیشی لەوە کردەوە کە هیچ هەڕەشەیەک لە سووریاوە دژ بە ئیسرائیل تەحەمول ناکرێت.

بەرزاییەکانی جۆلان کە ٦٠ کم لە دیمەشق-ەوە دوورە، لە کاتی جەنگی شەش رۆژەدا لە ساڵی ١٩٦٧ لەلایەن ئیسرائیلەوە داگیرکرا، دواتر ئیسرائیل بە شێوەیەکی تاکلایەنە خاکەکەی وەکو بەشێک لە خاکی ئیسرائیل ناساند و، ئەمریکاش لە ساڵی ٢٠١٩دا دانی بەم ناساندنەدا نا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە دانیشتووانی دەوروبەری بەرزاییەکانی جۆلان زۆرینەی دروزن، هەر هەڕەشەیەکی داهاتوو لەسەر دانیشتووانی دروز لەوانەیە ببێتە هۆی فراوانبوونی ئەم ناوچەی بافەرزۆنە لەلایەن ئیسرائیل-ەوە. لە پێگە بەرزەکانی بەرزاییەکانی جۆلانەوە، ئیسرائیل دەتوانێت بە ئاسانی چاودێری دیمەشق بکات، کە تەنها ٦٠ کم لێیەوە دوورە.

رووخانی ئەسەد دەریخست کە پێشهاتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چەندە بەیەکەوە گرێدراون. لە کاتێکدا شەڕی ١٣ ساڵەی سووریا نزیکەی ٤٣٠ هەزار کوژراو و ئاوارەبوونی ملیۆنان کەسی لێکەوتەوە، بەڵام نەیتوانی ئەسەد بڕوخێنێت، لەکاتێکدا ئەو شەڕەی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبەر لە دژی ئیسرائیل دەستیپێکرد و دواتر فراوانتر بوو، لوبنان و سووریا و تەنانەت ئێران-یشی گرتەوە، دواجار بووە هۆی داڕمانی رژێمی ئەسەد.

بە کورتی، رژێمی ئەسەد بەهۆی هۆکاری نێوخۆییەوە نەرووخا، بەڵکو رووخانی شانشینی ئەسەد ،کە ماوەی ٥٣ ساڵ بەردەوام بوو، بەهۆی ئەوەوە بوو ئیسرائیل ئەو دەستە دەرەکیانەی بڕی کە سووریا یان دەپاراست.